WWW.RUDAW.NET
ژمارە (429) سێشەممە 2016/12/20 29ی سەرماوەز - 2716 (500) دینار
ڕۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات



پۆلیسی ژاپۆن بۆ کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ:

# تۆ کێی؟ لە ژاپۆن کەس لە یاسا گەورەتر نییە

ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC

سەرەڕای ئەوەی یانەی ڕیال مەدرید و کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی یانەکە، خاوەنی هاندەرێکی زۆرن لە وڵاتی ژاپۆن، بەڵام پابەندی ئەو وڵاتە بە یاساوە واینەکرد ڕیال مەدرید و ڕۆناڵدۆ یاساکان ببەزێنن و لە چوارچێوەی ڕێنماییەکاندا دەربچن.

لەم ڕۆژانەدا ڕۆژنامەکانی ئەوروپا و سۆشیال میدیا، زۆر بایەخیان بە بەسەرهاتێکی ڕۆناڵدۆ و ئیسکۆی هاوڕێی دا، کە لە ژاپۆن ویستوویانە سەرپێچی بکەن و بە زۆری بچنە نێو یاریگەی مەشقەکانی یانەی ڕیال مەدرید، بەڵام پۆلیسی ژاپۆن بەگژیاندا چووەتەوەو نەیهێشتووە بچنە ژوورەوە تاوەکو وادەی ڕێگەپێدانی ڕیال مەدرید هاتووە.

وەک ڕۆژنامەکان باسی دەکەن، 10 خولەک مابووە، دەرگای یاریگەی یۆکاهامای نێودەوڵەتی بە ڕووی یاریزانانی ڕیال مەدریددا بکرێتەوە بۆ ئەوەی ماوەی 45 خولەک مەشق بکەن، کاتێک یاریزانانی یانەی ڕیال مەدرید گەیشتوونەتە پێش دەرگەی یاریگەکە، ئەوان ویستوویانە زووتر بچنە ژوورەوە، بەڵام پۆلیس پێیگوتوون «فیفا وادەکەی بۆ دیاریکردووین، کەس بۆی نییە بچێتە ژوورەوە». تەنانەت ڕۆژنامەکان باس لەوە دەکەن کە ڕۆناڵدۆ و ئیسکۆ ویستوویانە بەزۆری بچنە ژوورەوە، بەڵام پۆلیس پێیگوتوون «ئێوە کێن؟ ئێرە ژاپۆنە، لە وڵاتەکەماندا کەس لە یاسا گەورەتر نییە».

**لە ڕاپۆرتێکی لاپەڕە 3 دا تەواوی بەسەرهاتەکە بخوێنەوە.**

## پاڵەوانی مۆندیالی یانەکان لەبەردەم گرێکوێرەی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپادا..

# نەفرەتی چامپیۆنسلیگ

"ڕیال مەدرید هەرکاتێ لە قۆناخی یەکەمدا یەکەم نەبووبێت چامپیۆنسلیگی لەدەستداوە"

3



هەموو شتێک لەبارەی قۆناخی یەکەمی خولی کوردستان

2

## ژنەکەی خامیس:

مێردەکەم لە ڕقی زیدان بەردەوام دەگریت



5

## سەمیر ناسری:

لە فەرەنسا وەک منداڵێکی بێ ڕەوشت مامەڵەیان لەگەڵ دەکردم




4

سەرۆکی شاندی یانەی هەولێر بۆ یارییەکەی نەجەف:

# ئەگەر هێزی سوات نەبووایە زۆر خراپیان پێدەکردین

2

ژمارە ( 429 )
سێشەممە 2016/12/20
ڕووداو وەرزشی



سکاڵا

ئیڤان خالیدی یاریزانی یانەی هەولێر، لەبارەی ڕووداوەکانی یاری نێوان هەولێر و نەجەف، کە خۆیشی بەشداری لەو یارییەدا کرد، بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «بەداخەوە لە عێراق وەرزش و سیاسەت تێکەڵ بە یەکدی کراوە، ئەوە یەکەمجار نییەو دوایین جاریشیان نابێت کە بەمشێوەیە هەڵسوکەوتمان لەگەڵ دەکەن، دەبێت لە فیفا سکاڵایان لەسەر تۆمار بکەین، یانەی هەولێر یانەیەکی ناسراوی جیهانییە، ئەوەی کراوە دەچێتە خانەی ڕەگەزپەرستی لەدژی نەتەوەی کورد، دروشمی سەرەکی فیفاش دژی ڕەگەزپەرستییە».

زۆر ئامار و ئەنجامی چاوەڕواننەکراو بوون..

# هەموو شتێک لەبارەی قۆناخی یەکەمی خولی کوردستان

## «5 یاریزان لە 5 یانە ململانێ لەسەر نازناوی گۆڵکاری خولەکە دەکەن»



**سامان وڵاتزێری**
**تایبەت بە ڕووداوی وەرزشی**

قۆناخی یەکەمی خولی نایابی پێشمەرگەی کوردستان کۆتاییهات، لەم قۆناخەدا چەندین ئامار، داتا و زانیاری سەرنجڕاکێش تۆمارکران و چەندین شتی چاوەڕواننەکراویش لە خولەکەدا بینران.

### زێرەڤانی هەمووانی شۆککرد

ئەوەی لەم قۆناخەی خولەکەدا هەمووانی تووشی شۆککرد، ئاستی خراپی یانەی زێرەڤانی بوو بەسەرپەرشتی سەمیر بابۆی ڕاهێنەری یانەکە، لە کاتێکدا ئەو یانەیە لە ماوەی گواستنەوەی یاریزاناندا زۆرینەی پێکهاتەکەی گۆڕی و کەمپێکی مەشق و ڕاهێنانیشی لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان کردەوە، لەپێناو ئامانجێک کە ئێستا گەیشتن پێی نزیکە لە مەحاڵ.

زێرەڤانی لە کۆی 6 یاری تەنیا یەکجاریش تامی سەرکەوتنی نەکرد و دوای کۆتاییهاتنی گەڕی یەکەم تەنیا 3 خاڵی کۆکردووەتەوەو پلەی کۆتایی کۆمەڵەی یەکەمی ڕکابەرییەکانی خولی کوردستانی گرتووەو ڕەنگە ئامانجەکەی یانەکەی سەمیر بابۆ لە بەدەستهێنانی نازناوەوە بۆ مانەوە لە ڕکابەرییەکانی خولەکەدا لە قۆناخی دووەمدا بگۆڕێت.

### یاسین مەناف چاوی لە نووسینەوەی مێژوویە

خاڵێکی دیکەی بالکێشی ئەم وەرزەی خولی کوردستان ئاستی بەرزی یانەی نەورۆزە بە سەرپەرشتی دکتۆر یاسین مەنافی ڕاهێنەری یانەکە. نەورۆز ئەم وەرزەی بەبردنەوە لە پێشمەرگەی هەولێر لە دەرەوەی یاریگەی خۆی دەستپێکرد و قۆناخی یەکەمی خولەکەی بەیەکسانبوون لەگەڵ هەولێری پاڵەوانی وەرزی ڕابردووی خولەکە کۆتاییهێناو بە 13 خاڵ پێشەنگی ڕیزبەندی کۆمەڵەکەی گرتووە، پێدەچێت ئەنجامە باشەکانی ئەو یانەیەش بۆ ئەو ئارامییە بگەڕێتەوە کە ڕاهێنەری یانەکە بەرامبەر یاریزانەکانی پێشانی دەدات.

نەورۆز قۆناخی یەکەمی بەسەرکەوتوویی تێپەڕاند، لە قۆناخی دووەمدا یانەکە ڕووبەڕووی زەحمەتییەکی زۆرتر لەوەی قۆناخی یەکەم دەبێتەوە بۆ ئەوەی بگاتە قۆناخی داهاتووی خولەکەو لە وێشەوە هەنگاو بۆ بردنەوەی یەکەم نازناوی خولی کوردستان بهاوێژێت و بۆ یەکەمجار لە مێژوودا نازناوەکە بباتە باوەشی پایتەختی ڕۆشنبیری.

یانەی گازی باکوور، بە سەرکردایەتی عەبدوڵڵا مەحموودی ڕاهێنەری بەناوبانگ ئەم وەرزە گەڕایەوە نێو خولی کوردستان و تاوەکو کۆتاییهاتنی قۆناخی یەکەمی خولەکەش باش هاتوو، دوای بردنەوەی 2 یاری، یەکسانبوون لە 3 یاری و شکستێک بە کۆکردنەوەی 9 خاڵ پلەی دووەمی کۆمەڵەکەی گرتووە،کە یانەی برایەتیش هەمان ژمارەی خاڵی هەیەو لە پلەی سێیەمە، برایەتی لە دوایین 2 یاری قۆناخی یەکەمی خولەکەدا بەئاستێکی بەرزەوە دەرکەوت و سەرەتا لە یانەی پێشمەرگەی هەولێری بردەوە لە دەرەوەی یاریگەی خۆی و دواتریش بۆ یەکەمجار لە مێژوودا لە یانەی دهۆکی بردەوە کاتێک بەگۆڵێکی بێبەرامبەر سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

ئەو دوو بردنەوەیە وای لە برایەتی کرد، هەڕەشەی کشانەوە لە خولەکە بکات ئەگەر هاوکاری یانەکە نەکرێت، پێدەچێت یانەکە ئەم 2 بردنەوەیەی کردبێتە هەلێک بۆ ئەوەی بیانکاتە کارتێکی فشار و بۆ زیاتر هاوکاریکردنی یانەکە بەکاریان بهێنێت.

### ئەرکی پاسەوانانی قەڵا ئاسان نابێت

یانەی هەولێری پاڵەوانی وەرزی ڕابردووی خولەکە، هەرچەند قۆناخی یەکەمی بەبێ دۆڕان بەڕێکرد، بەڵام لە پلەی چوارەمی ڕیزبەندی کۆمەڵەکەیەتی بە کۆکردنەوەی 8 خاڵ.

هەولێر کە لە وەرزی ڕابردووی خولەکەدا زۆرینەی کاتەکان پشتی بە یاریزانەکانی یانەکەی لە خولی عێراق دەبەست و نازناوەکەی بەدەستهێنا، پێناچێت لەم وەرزەدا بەرگریکردن لە نازناوەکەی هێندە ئاسان بێت، لە کاتێکدا یانەکە لە خولی عێراقیش لە ڕکابەرییەکی بەهێزدایە و چەندین یاریزانیش ڕیزی یانەکەیان جێهێشتووە، ئەوانەشی لە خولی کوردستان یاری بۆ یانەکە دەکەن زۆرینەیان یاریزانی گەنج و کەم ئەزموونن.

پێشمەرگەی هەولێری دووەمی وەرزی ڕابردووی خولەکە، سەرەتای ئەم وەرزە دڵشاد مەعروفی وەک ڕاهێنەری یانەکە دەستنیشانکرد، بەڵام ئەنجامە خراپەکانی یانەکە هەرزوو بوونە هۆکاری جیابوونەوەی هەردوولا، تاوەکو فەتحی قەرەنی بۆ یەکەمجار لە مێژووی کاری ڕاهێنەرایەتیدا لە خولی کوردستان پۆستێکی وەرگرت و لە 4 یارییدا 2 سەرکەوتن و یەک یەکسانبوونی بەدەستهێناو تەنیا یارییەکی دۆڕاند، ژمارەی خاڵەکانی یانەکەی گەیاندە 7 خاڵ و لە پلەی پێنجەمی ڕیزبەندی کۆمەڵەکەدایە.

لە کۆمەڵەی دووەمدا ئەوەی جێگەی سەرنجە ئاستی هەموو یانەکانی ئەو کۆمەڵەیە پێچەوانەی کۆمەڵەی یەکەم لە یەکەوە نزیکترەو بۆ هەر یانەیەک ئەنجامدانی هەڵەیەک ڕەنگە یانەکە بخاتە پلەکانی دواوەی ڕیزبەندی کۆمەڵەکە.

### بەئاگاهاتنەوەی زاخۆ و یەکسانبوونە بە نرخەکانی ئاارات

یانەی زاخۆ ئەگەرچی سەرەتای ئەم وەرزەی بە 2 یەکسانبوونی لەسەریەک بەرامبەر ئاارات و گارە و دواتریش شکستی بەرامبەر هەندرێن دەستپێکرد، بەڵام دوای ئەوە یانەکە لەنێو یاریگە و هاندەرانی لە یانەی سیروانی نوێی بردەوەو ئینجا لە دەرەوەی یاریگەی خۆی سەرکەوتنی بەسەر کەرکووک بەدەستهێناو دوایین یاریشی بەرامبەر شێروانە یەکسانبوو و بە کۆکردنەوەی 9 خاڵ جێگەی خۆی لە پێشەنگی ڕیزبەندی کۆمەڵەکەدا کردووەتەوە.

یانەی ئاارات کە لەم وەرزەی خولەکەدا بەهەمان شێوەی گارە زۆرترین یەکسانبوونیان هەیە، کە ژمارەیان 5 یەکسانبوونە، ئەگەرچی لە قۆناخی یەکەمدا تەنیا یەک سەرکەوتنی بەدەستهێناو لە دەرەوەی یاریگەی خۆی لە سیروانی نوێی بردەوە، بەڵام بە کۆکردنەوەی 8 خاڵ پلەی دووەمی گرتووەو پێدەچێت ئەوە یارمەتیدەرێکی باش بێت بۆ ئەوەی یانەکە بیر لە گەیشتن بە قۆناخی کۆتایی خولەکەو بەدەستهێنانی ئەنجامێکی باش بکاتەوە.

کەرکووک بە هاوبەشی یارییەکانی دابەشکرد

یانەی کەرکووک، جیاوازتر لە هەموان دەرکەوتووەو6 یارییەکەی قۆناخی یەکەمی خولی کوردستانی بەسەر سەرکەوتن، یەکسانبوون و شکست بەهاوبەشی دابەشکردووە، 2 بردنەوە، 2 یەکسانبوون و 2 شکست ئەو یانەیەی لە پلەی سێیەمی ڕیزبەندی کۆمەڵەی دووەمدا کردووەتەوە خاوەنی 8 خاڵ و بەجیاوازی گۆڵ لە دواوەی ئاارارتە.

یانەی هەندرێن، کە لە دوا ساتەکانی قۆناخی یەکەمی خولەکەدا تەها قادری ڕاهێنەری یانەکەی لەدەستداو دڵشاد مەعروفی بە ڕاهێنەری داهاتووی یانەکە دەستنیشانکرد، بەهەمانشێوەی کەرکووک 2 یاری بردووەتەوە، 2 یەکسانبوون و 2 شکستی هەیەو بە کۆکردنەوەی 8 خاڵ لە پلەی چوارەمە، لە قۆناخی دووەمی خولەکەشدا ئەو یانەیە دەیەوێت دڵشاد مەعروف پێچەوانەی پێشمەرگەی هەولێر لەگەڵ یانەکەی ئەوان سەرکەوتووبێت و یانەکە بگەیەنێتە قۆناخی داهاتووی خولەکە.

### گەورەترین سەرکەوتن زۆرترین هاندەر

یانەی سیروانی نوێ، ئەو یانەیەی لەم وەرزەی خولی کوردستاندا گەورەترین سەرکەوتنی بەدەستهێناوەو زۆرترین گۆڵی لە یارییەکدا تۆمارکردووە، کاتێک لە دەرەوەی یاریگەی خۆی بە 5 گۆڵی بێبەرامبەر لە گارەی بردەوە، بە کۆکردنەوەی 7 خاڵ پلەی پێنجەمی کۆمەڵەکەی گرتووە.

یانەی شێروانە، شێروانە ئەگەر هەموو یارییەکیش نەباتەوەو 3 خاڵ بەدەست نەهێنێت، ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری هاندەر لەنێو یاریگەی یانەکە بەسەرما و گەرما بۆ هاندانی یاریزانانی ئەو یانەیە خۆی لە خۆیدا سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ یانەکە، شێروانە لەم وەرزەدا یەک یاری لە هەندرێن بردەوەو 4 یاری بەیەکسانبوون و یارییەکیشی بە شکست کۆتاییهێناو بە کۆکردنەوەی 7 خاڵ پلەی حەوتەمی ڕیزبەندی گرتووە.

یانەی گارە، ئەگەرچی وەرزی ڕابردوو کە گەیشتە خولی کوردستان لە ڕووی داراییەوە لە ڕێگەی سپۆنسەرەکانییەوە ببووە جێگەی سەرنجی هەموو لایەک و هەر ئەوەش وایکرد یانەکە بە ئاستێکی بەرز یاریبکات و بۆ ئەم وەرزەش لە خولەکەدا بمێنێتەوە، بەڵام ئەم وەرزە هەموو شتێکی پێچەوانە کردووەتەوەو هاوکێشەکەش تەواو گۆڕاوە، ئامانجەکانی یانەکەش دیار نین، لە کاتێکدا ئەو یانەیە تەنیا یەکجاریش سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە، 5 یەکسانبوونی هەیەو یاری گەڕی کۆتایی قۆناخی یەکەمیشی بەرامبەر سیروانی نوێ لەنێو یاریگە و هاندەرانی بە 5 گۆڵی بێبەرامبەر لەدەستدا. یاریزانانی یانەکەش دەڵێن پێنەدانی مووچەو گرێبەستەکانمان کاریگەری زۆر خراپی کردووەتە سەر ئەنجامەکانمان.

### ئامارەکانی قۆناخی یەکەمی ئەم وەرزە

- یەکەم گۆڵی ئەم وەرزەی خولەکە لەلایەن بەڵێن وشیار، یاریزانی یانەی هەولێر تۆمارکراوە
- یانەی نەورۆز زۆرترین یاری بردووەتەوە، کە ژمارەیان 4 بردنەوەیەوەو زۆرترین خاڵیشی کۆکردووەتەوە کە 13 خاڵە
- هەردوو یانەی زێرەڤانی و گارە لە قۆناخی یەکەمدا هیچ سەرکەوتنێکیان بەدەست نەهێناوە
- لە قۆناخی یەکەمدا تەنیا هەردوو یانەی ئاارات و هەولێر تووشی شکست نەهاتوون
- بەهێزترین هێڵی هێرشبەر یانەی گازی باکوورە بە تۆمارکردنی 9 گۆڵ
- خراپترین هێڵی بەرگری یانەی زێرەڤانی و گارەن کە 9 گۆڵیان لێکراوە.
- هەردوو یانەی برایەتی و ئاارات بەهێزترین هێڵی بەرگریان هەیەو یەکەو 3 گۆڵیان لێکراوە.
- یانەی سیروانی نوێ گەورەترین سەرکەوتنی لە قۆناخی یەکەمدا بەدەستهێنا، کاتێک بە 5 گۆڵی بێبەرامبەر لە گارەی بردەوە.
- تەنیا 3 لیێدانی سزا لە قۆناخی یەکەمی خولی کوردستان لەدەستدراون، ئەوانیش، میران خەسرۆ لە پێشمەرگەی هەولێر، بارزان شێرزاد لە یانەی هەولێر و یونس شوکر لە گازی باکوور.
- لە قۆناخی یەکەمی خولی کوردستاندا 84 گۆڵ تۆمارکراون، گەڕی یەکەمی خولەکە کەمترین گۆڵی تێدا تۆمارکرا، کە ژمارەیان 7 گۆڵ بوو، گەڕی دووەمیش زۆرترین گۆڵی تێدا تۆمارکرا کە ژمارەیان 16 گۆڵ بوو.

### 5 گۆڵکار

بە کۆتاییهاتنی قۆناخی یەکەمی خولەکە، 5 یاریزان لە 5 یانە، بە تۆمارکردنی 3 گۆڵ، ململانێ لەسەر نازناوی گۆڵکاری خولەکە دەکەن، کە بریتین لە هەریەک لە میران کەریم لە پێشمەرگەی هەولێر. بەهادین بەکر لە یانەی نەورۆز، عەلی محەممەد لە یانەی شێروانە. بەڵێن وشیار لە یانەی هەولێر و وەلید سەلمان لە یانەی دهۆک.

---

میران خەسرۆ، یاریزانی کوردی نێودەوڵەتی یانەی شورتە:

# لە ئایندەیەکی نزیکدا دەبمەوە پێشمەرگە

## «میران باسی ئەو گرتەیەی دەکات کە لە گرتەکانی مارادۆنا و مێسی دەچوو»





**لە بەغداوە**
**تایبەت بە ڕووداوی وەرزشی**

میران خەسرۆ، یاریزانی کوردی نێودەوڵەتی یانەی شورتەی شاری بەغداد بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند زۆر بیری شاری هەولێر و یانەی هەولێر دەکات و گوتی «لە ئایندەیەکی نزیکدا دەگەڕێمەوە خولی کوردستان».

میران خەسرۆ، بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند کە سەرەڕای ئەوەی هەندێ گرفتی هەیە، بەڵام بەهیوای بردنەوەی نازناوی خولی عێراقە و گوتی» لێرە لە هەندێک شت ئاسوودە نیم، باری ئەمنی زۆر باش نییە، هەروەها لە خانەوادەکەشم دوورم، ئەوانە گرفتن بۆ یاریزان، بەڵام لە ڕووی هاندەرانەوە زۆر ڕێزم دەگرن و هەمیشە بەڕێزەوە لێمان دەڕوانن، لەگەڵ یانەی شورتەش بەهیوای ئەوەم ئەمساڵ بتوانین نازناوی خولی نایابی عێراقی ببەینەوە».

لە بارەی یاریکردنیشی بۆ هەڵبژاردەی عێراق، میران گوتی «من کوردم و شانازی بە هەڵبژاردەی کوردستان دەکەم، بەڵام هەڵبژاردەی عێراق باوەڕپێکراوە لە فیفا، لەبەرئەوە یاریکردن لە ڕیزی هەڵبژاردەی عێراق خەونی هەموو یاریزانێکە».

لەبارەی یارینەکردنیشی لە خولی نایابی پێشمەرگەی کوردستان، لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی هەولێر، یاریزانی کوردی نێودەوڵەتی گوتی «من هێشتا یاریزانی پێشمەرگەم، لە کەمترین دەرفەتدا دەگەڕێمەوەو یاری لە خولی نایابی کوردستان دەکەم، شانازی بەوە دەکەم کە لە خولی کوردستان یاری بکەم، لەگەڵ یانەیەک کە ناوی پێشمەرگەیە».

لەبارەی یانەی هەولێریش، کە میران لەو یانەیە پێگەیشتووە، گوتی»زۆر بیری یانەی هەولێر دەکەم، چونکە لەو یانەیە بوومەتە یاریزانێکی نێودەوڵەتی، زۆر بیری شارەکەم دەکەم، هەر کاتێک لە شاری بەغداد لەلایەن یانەکەمانەوە یەک ڕۆژ پشوومان پێبدەن ڕاستەوخۆ دەگەڕێمەوە هەولێر».

هەفتەی ڕابردوو لە خولی عێراقدا، میران توانی لەبەرامبەر یانەی زەورا ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات و لە گرتەیەکدا 6 یاریزانی زەورا لە دەوری ئەو یاریزانانەن، کە وەک گرتەکانی دیێگۆ مارادۆنا و لیۆنێل مێسی ئەرجەنتینی دەهاتە بەرچاو، کە هەمیشە کۆمەڵێک یاریزانی تیپی بەرامبەر لە دەوریان کۆدەبنەوە، ئەو گرتەیەی میران دەنگدانەوەیەکی زۆری لە سۆشیال میدیا دروستکرد. میران خەسرۆ، لەو بارەوە بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «هەستێکی زۆر خۆشبوو بۆ من وەک یاریزانێکی کورد کە 6 یاریزانی یانەی زەورای پاڵەوانی ساڵی ڕابردووی خولی عێراق بە دەورمدا کۆببنەوە».

هەروەها میران گوتیشی «ئەو گرتەیە لە سەرانسەری عێراقدا دەنگدانەوەیەکی زۆری لەدوای خۆیدا هێناوە».

---

لە سەروبەندی ڕووداوەکانی یاریگەی نەجەف..

سەرۆکی شاندی یانەی هەولێر:

# ئەگەر هێزی سوات نەبووایە خراپتریان پێدەکردین



**کارزان کانەبی**
**تایبەت بە ڕووداوی وەرزشی**

ئەندامێکی دەستەی کارگێڕی یانەی وەرزشیی هەولێر، کە سەرۆکی شاندی یانەی هەولێر بوو بۆ نەجەف، لەبارەی ڕووداوەکانی یاری هەولێر و نەجەف لەنێو یاریگەی نەجەفدا، باسی ئەو بێڕێزییە دەکات کە هاندەرانی نەجەف بە یانەی هەولێریان کرد و دەڵێت «ئەگەر سەرۆکی یانەی نەجەف و هێزی سوات نەبوونایە زۆر خراپتریان پێدەکردین».

بێجان ئیبراهیم، بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت» ئەوەی هاندەرانی نەجەف بە ئێمەیان کرد هیچ کەسێک نەیکردووە، بە ئامێری بەرزکەرەوەی دەنگ هەزاران جنێو و سووکایەتیان بە یانەکەمان و کورد و پێشمەرگە و کوردستان دا، لە کاتێکدا هیچمان لەبەرامبەر ئەوان نەکردبوو، دەیان دروشمی ڕەگەزپەرستانەیان لەدژی هەولێر و نەتەوەی کورد و بەها پیرۆزەکانمانیان دەگووتەوە، هاواریان دەکرد ئێوە داعشن».


بێجان ئیبراهیم، هەروەها گوتیشی «ئێمە وەک یانەی هەولێر ماوەی 15 خولەک لە یاریگە چووینە دەرەوە بۆ ئەوەی بارودۆخەکە چارەسەر بکرێت، بەڵام بێ سوود بوو».

سەرۆکی شاندی یانەی هەولێر، ئەوەشی ئاشکراکرد ئەگەر هێزی سوات نەبووایە ڕووداوەکان خراپتر دەبوون و گوتی «ئەگەر بەهۆی سەرۆکی یانەی نەجەف و هێزی سوات نەبووایە زۆر خراپتریان بەسەر دەهێناین، ئەوان ئێمەیان ڕزگارکرد، چونکە دەیانویست هێرشیشمان بکەنە سەر».

دوای ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژە هەردوو یانەی هەولێر و زاخۆ کشانەوەی خۆیان لە خولی عێراق ڕاگەیاند، پارێزگاری نەجەف و یەکێتی تۆپی پێی عێراقیش لە هەوڵداندان بۆ پاشگەزکردنەوەی ئەو دوو یانەیە، کە بڕیارە ئەمڕۆ لەو بارەوە شاندێکی عێراقی بێتە هەولێر.

هەر لەبارەی ئەو ڕووداوانەوە، یەکێتی تۆپی پێی عێراق یانەی نەجەفی سزادا و 4 یاری لە دەرەوەی یاریگەی خۆیدا بە بێ جەماوەر یاری دەکات، هەروەها حەیدەر جەباری یاریدەدەری ڕاهێنەری نەجەفیشی بۆ یارییەک ڕاگرت.

رووداو وەرزشی
ژمارە (429)
سێشەممە 2016/12/20



50 ـ 20

زلاتان ئیبراهیمۆڤیچی هێرشبەری سوێدی یانەی مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزی، کە ئێستا ئاستێکی بەرز لەگەڵ یانەی شەیتانە سوورەکان پێشکەش دەکات، رایگەیاند تاوەکو لەتوانایدا هەبێت بەردەوام دەبێت لە یاریکردن و گوتی «من حەز لە تۆپی پێ دەکەم، تاوەکو دەتوانم بەردەوام دەبم لە یاریکردن، کەی هەستم بەوە کرد کە چیدی لە رووی توانای جەستەییەوە ناتوانم بەردەوام بم، وازهێنانی خۆم رادەگەیێنم، بەڵام لە راستیدا هەستدەکەم هێشتا تەمەنم 20 ساڵە، پێموایە تاوەکو تەمەنی 50 ساڵی دەتوانم بەردەوام بم لە یاریکردن.



یانەی شاهانە لەبەردەم گرێکوێرەکەدا..

# ریال مەدرید ناتوانێت چامپیۆنسلیگ بباتەوە

**رووداوی وەرزشی ـ MARCA**

«ریال مەدرید هەرکاتێ بووبێتە پاڵەوانی ئەوروپا لە قۆناخی یەکەمدا بە یەکەم سەرکەوتووە»

رۆژنامەی مارکای ئیسپانی، راپۆرتێکی ئامادە کردووە، کە تێیدا تیشک دەخاتە سەر نەفرەتییەکی تازە لەسەر رێگەی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، بەرەو نازناوی چامپیۆنسلیگ لە وەرزی ئەمساڵداو دەڵێت «بێجگە لەوەی تاوەکو ئێستا هیچ یانەیەک نەیتوانیوە 2 ساڵ بەسەریەکەوە نازناوی چامپیۆنسلیگ بباتەوە، نەفەرتییەکی دیکەش رێگەی لە ریال مەدرید گرتووەو رێگەی پێنادات نازناوەکە بباتەوە».

وەک زانراوە هیچ یانەیەک نەیتوانیوە 2 جار لە دوای یەک نازناوی چامپیۆنسلیگ بەدەستبێنێت، لەو وەشانەی سالی 1992 دەستپێکردووە، ئەوەش وا دەکات ئەرکی ریال مەدرید لە رکابەرانی دیکەی ئەستەمتر بێت.

ئەو رۆژنامە مەدریدییە لە راپۆرتەکەیدا روونیکردووەتەوە، بێجگە لەو گرێکوێرەیە نەفرەتییەکی تازە هەیە لەم وەرزەدا بەرۆکی ریال مەدریدی گرتووە، ئەویش ئەوەیە کە یانەی شاهانە هەر جارێک بە دووەمی کۆمەڵەکەی سەرکەوتبێت، نازناوی چامپیۆنسلیگی بەدەست نەهێناوە، لەو 5 جارەی لە سیستمی تازەدا نازناوەکەی بەدەستهێناوە، هەموو جارێ بە یەکەمی کۆمەڵەکەی سەرکەوتووە.

بێجگە لە ریال مەدریدیش، تاوەکو ئێستا تەنیا 5 جار لە کۆی 24 وەشانی چامپیۆنسلیگ (سیستمی تازە) وا روویداوە، ئەوە تیپەی نازناوەکەی بەدەستهێناوە، بە دووەمی کۆمەڵەکەی سەرکەوتووە، ئەو تیپانەش ئەمانەن: بورۆسیا دۆرتمۆند، مانچێستەر یونایتد، پۆرتۆ، لیڤەرپوول و ئینتەرمیلان. بە گوێرەی مێژوو بێت، رێژەی ئەو تیپانەی دەگەنە یاری کۆتایی چامپیۆنسلیگ، وەک یەکەمی کۆمەڵە 79% بووە، بەرامبەر تەنیا 21% بۆ ئەو تیپانەی بە دووەمی کۆمەڵەکەیان سەرکەوتوون.

ئەمە لە کاتێکدایە کە ریال مەدرید بەمدواییە نازناوی مۆندیالی یانەکانی بردووەتەوەو ئێستا پاڵەوانی ئەوروپا و جیهانە. لە خولی ئیسپانیا و چامپیۆنسلیگیشدا ئاستێکی بەرزی پێشکەش کردووە، کە یەکەمی ریزبەندی لالیگایە و ماوەی 37 یارییە بەسەریەکەوە تووشی دۆڕان نەبووە.

بە کریستیانۆ و ئیسکۆیان گوتووە ئێوە کێن؟! ئێرە ژاپۆنە..

# ژاپۆنییەکان ریال و رۆناڵدۆ ناناسن

**رووداوی وەرزشی ـ CNBC**

سەرەڕای ئەوەی یانەی ریال مەدرید و کریستیانۆ رۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی یانەکە، خاوەنی هاندەرێکی زۆرن لە وڵاتی ژاپۆن، بەڵام پابەندی ئەو وڵاتە بە یاساوە واینەکرد ریال مەدرید و رۆناڵدۆ یاساکان ببەزێنن و لە چوارچێوەی رێنماییەکاندا دەربچن.

یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی و کریستیانۆ رۆناڵدۆی باشترین یاریزانی جیهان، کە بەمدواییە بوونە پاڵەوانی مۆندیالی یانەکان لە ژاپۆن، پاڵەوانی چیرۆکێکیش بوون، کە بایەخێکی زۆری پێدرا لەلایەن میدیای جیهانییەوە، بەهۆی ئەوەی ژاپۆنییەکان جارێکی دیکە سەلماندیانەوە کە بەهۆی پابەندبوون و رێزگرتن لە یاسا توانیویانە وڵاتەکەیان بەو شێوەیە پێشبخەن.

رۆژنامەکان چیرۆکەکە بەمشێوەیە دەگێڕنەوە «بەر لە یاری قۆناخی پێش کۆتایی مۆندیالی یانەکاندا، لەنێوان یانەی ریال مەدرید و یانەی کلەب ئەمریکانای مەکسیکی، رۆناڵدۆ و یاریزانانی ریال مەدرید ویستوویانە بۆ مەشقەکان بچنە یاریگەی یۆکۆهامای نێودەوڵەتی، بەڵام پۆلیسی پێش دەرگە نەیهێشتووە بچنە ژوورەوەو پێیگووون چەند خولەکێکتان ماوە، فیفا وادەکەی بۆ ئێمە دیاریکردووە دەبێ هەمان ئەو خولەکە بچنە ژوورەوە کە بۆمان دانراوە».

ئەو رۆژنامانە لە درێژەی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەدا نووسیویانە «رۆناڵدۆ و ئیسکۆ ویستوویانە بە زۆری بچنە ژوورەوە، دەمەقاڵێیان لەگەڵ پۆلیس کردووەو پێیانگوتووە تەنیا 10 خولەک ماوە، چۆن رێگەمان نادەن بچینە ژوورەوە، بەڵام ئەوان بە توندی وەڵامی رۆناڵدۆ و ئیسکۆیان داوەتەوەو تەنانەت هەڕەشەی سزادانیشیان لێکردووەو پێیانگوتووە خۆتان تووشی سزادان مەکەنەوە، ئێوە کێن؟! ئێرە ژاپۆنە، لەم وڵاتەی ئێمەدا کەس لە یاسا گەورەتر نییە، ئێوە هەر کەسێ بن، بۆتان نییە لە 45 خولەک زیاتر مەشق بکەن».

زۆر لە رۆژنامە جیهانییەکان لەو بارەوە پەسنی ژاپۆنییەکانیان داوەو بە چەندین شێوەو شێواز رۆڵ و بەهای یاسایان لەو وڵاتە پێشکەوتووەدا بەرز نرخاندووە، تەنانەت یەکێکیان نووسیویەتی «ژاپۆنییەکان لەبەردەم یاسادا رۆناڵدۆ ریال مەدرید ناناسن». یەکێکیشیان نووسیویەتی «لە ژاپۆن کەس لە یاسا گەورەتر نییە، تەنانەت رۆناڵدۆ و ریال مەدریدیش». هەروەها لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشدا ئەو بەسەرهاتە بایەخێکی زۆری پێدراوەو بە چەندین شێوە کۆمێنتی و لێکدانەوەی بۆ کراوە. یەکێکیان نووسیویەتی «رۆناڵدۆ.. تۆ لە ژاپۆنی نەک لە مەدرید». یەکێکیشان نووسیویەتی «دەبێ رۆناڵدۆ و ئیسکۆ سوپاسگوزار بن، کە پۆلیسی ژاپۆن لەسەر سەرپێچکردنیان تەنیا هۆشداری پێداون».

«لە ژاپۆن کەس لە یاسا گەورەتر نییە، تەنانەت رۆناڵدۆ و ریال مەدریدیش».

دەستگیرانەکەی مێسی هێرش دەکاتە سەر رۆناڵدۆ..

# دەستگیرانەکەی رۆناڵدۆ هاندەری بارسایە





**ئا: رووداوی وەرزشی**

لەم رۆژانەدا رۆژنامە جیهانییەکان و تووڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆر بایەخیان بە دەستگیرانی هەردوو باشترین یاریزانی جیهان، کریستیانۆ رۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی و لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی دەدەن و دەڵێن «دەستگیرانە نوێیەکەی ریال مەدرید هاندەری بارسایە». هەروەها دەشڵێن «دەستگیرانەکەی مێسی هێرشی کردووەتە سەر رۆناڵدۆ دەڵێت».

رۆژنامە کەتالۆنییەکان پۆستێکی ئەنتۆنیلای دەستگیرانی لیۆنێل مێسی، بەو لێکیدەدەنەوە کە هەڕەشەی لە کریستیانۆ رۆناڵدۆی رکابەری هەمیشەیی هاوسەرەکەی کردووە.

ئەنتۆنیلا لە ئینستاگرامی خۆیدا، بۆمێسی نووسیوە «خۆشەویستەکەم پێویستە لە هەوڵ و کۆششی زیاتردا بی، بۆ ئەوەی دەستکەوت و سەرکەوتنەکانت بۆ هەندێک کەس ببنە یادگاری هەرگیز لەبیرنەکراو».

رۆژنامەکانی کەتالۆنیا ئەم قسانەی دەستگیرانەکەی مێسییان بە هەڕەشەکردن لە رۆناڵدۆ وەسفکردو رایانگەیاند «بێگومان مەبەستی ئەنتۆنیلا لەوانەی دەیەوێت سەرکەوتنەکانی مێسی بۆیان ببنە یادگاری لەبیرنەکراو تەنیا کریستیانۆ رۆناڵدۆیە، چونکە ئەنتۆنیلا تەنیا چەند کاژێرێک دوای بردنەوەی باڵۆن دۆری چوارەم لەلایەن رۆناڵدۆوە ئەو پۆستەی کردووە». هەروەها دەشڵێن «ئەنتۆنیلا ویستوویەتی هانی مێسی بدات کە لەم وەرزەدا هەموو دەستکەوت و نازناوەکان لە رۆناڵدۆ وەربگرێتەوە».

لەلایەکی دیکە رۆژنامەکانی کەتالۆنیا، جۆرجینا رۆدریگزی دەستگیرانە نوێیەکەی رۆناڵدۆیان بەوە تۆمەتبارکرد کە هاندەری بارسێلۆنایە. بۆ ئەوەش سوودیان لە گرتەیەکی یاری ریال مەدرید و دیپۆرتیڤۆ لاکۆرۆنیا لە لالیگادا وەرگرت، کە خۆی و دایک و کوڕی رۆناڵدۆ پێکەوە دانیشتوون و سەیری یارییەکە دەکەن. لەو بارەوە رۆژنامەی سپۆرتی کەتالۆنی نووسیویەتی «کاتێک رامۆس گۆڵی بردنەوە بۆ ریال مەدرید تۆمار دەکات، بەئاشکرا دیارە کە جۆرجینا چۆن بە ساردی مامەڵە دەکات، ئەوە ئەو راستییە دووپات دەکاتەوە کە دەستگیرانە نوێیەکەی رۆناڵدۆ هاندەری بارسایە نەک یانەکەی دۆن کریستیانۆ».




KOREK

# خشتەی یارییەکانی هەفتە

## گرنگترین یارییەکانی هەفتە

**جامی ئیسپانیا**
بارسیلۆنا - ئیرکۆلیس
چوارشەممە 21/12/2016
12:00

**خولی فەرەنسا**
بۆردۆ - نیس
چوارشەممە 21/12/2016
10:50

**خولی ئیتاڵیا**
ئینتەرمیلان - لازیۆ
چوارشەممە 21/12/2016
10:45

**خولی ئەڵمانیا**
بایرن میونشن - لایپزیگ
چوارشەممە 21/12/2016
10:00



## جامی شای ئیسپانیا

| | |
|---|---|
| **سێشەممە 2016/12/20** | |
| ڤیاڕیال - تلێتلە | 09:00 |
| ریال سۆسیداد - بەلەد وەلید | 10:00 |
| ئەتلەتیکۆ مەدرید - جویخویلۆ | 11:00 |
| مەلەگە - کۆرتۆبە | 11:00 |
| لاس پاڵماس - هۆیسکا | 11:00 |
| **چوارشەممە 2016/12/21** | |
| سڤیلیا - فۆرمینتێرا | 09:00 |
| ئیبار - خیخۆن | 09:00 |
| دیپۆرتیڤۆ - ریال بیتیس | 11:00 |
| ئۆساسۆنا - گرانادا | 11:00 |
| ڤالنسیا - لیگانیس | 11:00 |
| بارسیلۆنا - ئیرکۆلیس | 12:00 |
| **پێنجشەممە 2016/12/22** | |
| ئالاڤێس - خیمناستیکا | 10:00 |
| سێلتاڤیگۆ - مۆرسیا | 10:00 |
| ئەتلەتیک بلباو - راسینگ سانتاندێر | 11:00 |
| ئیسپانیۆل - کۆرکۆن | 11:00 |

## خولی فەرەنسا (هەفتەی 19)

| | |
|---|---|
| **چوارشەممە 2016/12/21** | |
| باستیا - مارسیلیا | 10:50 |
| بۆردۆ - نیس | 10:50 |
| دیجۆن - تۆلۆز | 10:50 |
| لیل - رین | 10:50 |
| لیۆن - ئەنجی | 10:50 |
| میتز - گانگۆن | 10:50 |
| مۆناکۆ - کان | 10:50 |
| نانت - مۆنپیلیە | 10:50 |
| پاریس سانجێرمان - لۆریان | 10:50 |
| سانت ئیتیان - نانس | 10:50 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - نیس | 43 |
| 2 - مۆناکۆ | 39 |
| 3 - پاریس سانجێرمان | 36 |
| 4 - لیۆن | 31 |
| 5 - گانگۆن | 29 |
| 6 - مارسیلیا | 27 |
| 7 - رین | 27 |
| 8 - تۆلۆز | 26 |
| 9 - سانت ئیتیان | 25 |
| 10 - بۆردۆ | 24 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 17 |
| 2 - لاکازیتی | لیۆن | 12 |
| 3 - ئەلحەسەن | نیس | 10 |
| 4 - فالکاو | مۆناکۆ | 10 |
| 5 - گۆمێز | مارسیلیا | 9 |

* خولەکە تاوەکو 2017/1/14 دەوەستێت.

## خولی ئەڵمانیا (هەفتەی 16)

| | |
|---|---|
| **سێشەممە 2016/12/20** | |
| بورۆسیا دۆرتمۆند - ئۆگسبۆرگ | 10:00 |
| مونشنگلادباخ - فۆلفسبۆرگ | 10:00 |
| هامبۆرگ - شاڵکە | 10:00 |
| فرانکفۆرت - ماینز | 10:00 |
| **چوارشەممە 2016/12/21** | |
| بایرن میونشن - لایپزیگ | 10:00 |
| هێرتا بەرلین - دارمشتات | 10:00 |
| کۆڵن - بایرلیڤەرکۆزن | 10:00 |
| ئینگۆلشتات - فرایبۆرگ | 10:00 |
| هۆفنهایم - ڤێردەربریمەن | 10:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - بایرن میونشن | 36 |
| 2 - لایپزیگ | 36 |
| 3 - هۆفنهایم | 27 |
| 4 - هێرتا بەرلین | 27 |
| 5 - بورۆسیا دۆرتمۆند | 26 |
| 6 - فرانکفۆرت | 26 |
| 7 - کۆڵن | 24 |
| 8 - ماینز | 20 |
| 9 - بایرلیڤەرکۆزن | 20 |
| 10 - فرایبۆرگ | 20 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - ئۆباميانگ | بورۆسیا دۆرتمۆند | 16 |
| 2 - مۆدیست | کۆڵن | 12 |
| 3 - لیڤاندۆڤسکی | بایرن میونشن | 11 |
| 4 - وێرنەر | لایپزیگ | 9 |
| 5 - واگنەر | هۆفنهایم | 8 |

* خولەکە تاوەکو 2017/1/20 دەوەستێت.

## خولی ئیتاڵیا (هەفتەی 18)

| | |
|---|---|
| **سێشەممە 2016/12/20** | |
| ئەتەلانتا - ئیمپۆلی | 10:45 |
| **چوارشەممە 2016/12/21** | |
| ئینتەرمیلان - لازیۆ | 10:45 |
| **پێنجشەممە 2016/12/22** | |
| بۆلۆنیا - میلان | 10:45 |
| کالیاری - ساسۆلۆ | 10:45 |
| کرۆتۆنی - یوڤانتۆس | 10:45 |
| فیۆرەنتینا - ناپۆلی | 10:45 |
| پالێرمۆ - پیسکارا | 10:45 |
| رۆما - ڤیرۆنا | 10:45 |
| سامپدۆریا - ئۆدینێزی | 10:45 |
| تۆرینۆ - جینەوا | 10:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - یوڤانتۆس | 42 |
| 2 - رۆما | 35 |
| 3 - ناپۆلی | 34 |
| 4 - لازیۆ | 34 |
| 5 - میلان | 33 |
| 6 - ئەتەلانتا | 29 |
| 7 - ئینتەرمیلان | 27 |
| 8 - فیۆرەنتینا | 26 |
| 9 - تۆرینۆ | 25 |
| 10 - ڤیرۆنا | 25 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - دزیکۆ | رۆما | 12 |
| 2 - ئیکاردی | ئینتەرمیلان | 12 |
| 3 - بیلۆتی | تۆرینۆ | 12 |
| 4 - هیگواین | یوڤانتۆس | 10 |
| 5 - میرتینز | ناپۆلی | 10 |

* خولەکە تاوەکو 2017/1/8 دەوەستێت.

## خولی ئینگلتەرا (هەفتەی 18)

| | |
|---|---|
| **دووشەممە 2016/12/26** | |
| واتفۆرد - کریستاڵ پالاس | 03:30 |
| ئارسیناڵ - وێست برۆمیچ | 06:00 |
| بێرنلی - میدلزبرە | 06:00 |
| چێڵسی - بۆرنمۆس | 06:00 |
| لیستەر ستی - ئیڤێرتۆن | 06:00 |
| مانچێستەر یونایتد - ساندێرلاند | 06:00 |
| سوانزی ستی - وێستهام | 06:00 |
| هاڵ ستی - مانچێستەر ستی | 08:15 |
| **سێشەممە 2016/12/27** | |
| لیڤەرپوول - ستۆک ستی | 08:15 |
| **چوارشەممە 2016/12/28** | |
| ساوسهامتۆن - تۆتێنهام | 10:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - چێڵسی | 43 |
| 2 - مانچێستەر ستی | 36 |
| 3 - لیڤەرپوول | 34 |
| 4 - ئارسیناڵ | 34 |
| 5 - تۆتێنهام | 33 |
| 6 - مانچێستەر یونایتد | 30 |
| 7 - ساوسهامتۆن | 24 |
| 8 - وێست برۆمیچ | 23 |
| 9 - ئیڤێرتۆن | 23 |
| 10 - بۆرنمۆس | 21 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - کۆستا | چێڵسی | 13 |
| 2 - سانچێز | ئارسیناڵ | 12 |
| 3 - ئیبراهیمۆڤیچ | مانچێستەر یونایتد | 11 |
| 4 - ئەگوێرۆ | مانچێستەر ستی | 10 |
| 5 - لۆکاکۆ | ئیڤێرتۆن | 9 |

* ئەم ریزبەندە بەر لە یاری (ئیڤێرتۆن - لیڤەرپوول) دانراوە

## خولی ئیسپانیا (هەفتەی 18)

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - ریال مەدرید | 37 |
| 2 - بارسیلۆنا | 34 |
| 3 - سڤیلیا | 33 |
| 4 - ڤیاڕیال | 29 |
| 5 - ریال سۆسیداد | 29 |
| 6 - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 28 |
| 7 - ئیبار | 23 |
| 8 - ئەتلەتیک بلباو | 23 |
| 9 - ئیسپانیۆل | 22 |
| 10 - لاس پالماس | 21 |
| 11 - مەلەگە | 21 |
| 12 - ئالاڤێس | 21 |
| 13 - سێلتاڤیگۆ | 21 |
| 14 - ریال بیتیس | 18 |
| 15 - دیپۆرتیڤۆ | 16 |
| 16 - لیگانیس | 16 |
| 17 - ڤالنسیا | 12 |
| 18 - خیخۆن | 12 |
| 19 - گرانادا | 9 |
| 20 - ئۆساسۆنا | 7 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - مێسی | بارسیلۆنا | 12 |
| 2 - سوارێز | بارسیلۆنا | 12 |
| 3 - رۆناڵدۆ | ریال مەدرید | 10 |
| 4 - ویلیان | ریال سۆسیداد | 9 |
| 5 - ئەسپاس | سێلتاڤیگۆ | 9 |

* ئەم ریزبەندە بەر لە یاری (ئەتلەتیک بلباو - سێلتاڤیگۆ) دانراوە تاوەکو 2017/1/6 دەوەستێت.

**خولی ئینگلتەرا**
مانچێستەر یونایتد - ساندەرلاند
دووشەممە 26/12/2016
06:00

**خولی ئینگلتەرا**
لیستەر ستی - ئیڤەرتۆن
دووشەممە 26/12/2016
06:00

**جامی سوپەری ئیتاڵیا**
یوڤانتۆس - میلان
هەینی 23/12/2016
07:30

**خولی ئیتاڵیا**
فیۆرەنتینا - ناپۆلی
پێنجشەممە 22/12/2016
10:45



## مەحاڵە

دانی ئاڵڤێزی بەرگریکاری بەرازیلی یانەی یوڤانتۆسی ئیتاڵی، وێنەیەکی نوێی خۆی لەگەڵ هاوڕێ کۆنەکەی لە بارسێلۆنا، ئێریک ئەبیدالی بەرگریکاری فەرەنسی لە ئینستاگرام بڵاوکردەوەو ڕایگەیاند «شانازی بە هاوڕێیەتی ئەبیدالەوە دەکەم». ئەبیدالیش ڕایگەیاند «مەحاڵە چاکەی ئاڵڤێزی برام لەبیر بکەم، ئەو هاوڕێم نییە، بەڵکو برامە». ئەم قسانەی ئەبیدال بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە کە ئەوکاتەی تووشی شێرپەنجەی جگەر ببوو، ئاڵڤێز ئامادەبوو بەشێک لە جەرگی خۆی بداتێ، بەڵام دواتر ئامۆزایەکی ئەبیدال ئەو کارەی کردو ژیانی لە مردن ڕزگار بوو».



ڕێبوار محەممەد

## ئەو خەونە مەکوژن، مەکشێنەوە..

ئـەوەی بەرامبـەر یاریزانانـی یانەکانی هەولێر و زاخۆ کرا لە شـارەکانی ناوەڕاست و باشـووری عێراق، جێگەی نیگەرانییەکی زۆرە، باشـترین هەڵوێسـتیش لەوکاتـەدا، لەوانەیـە هـەر ئـەو بڕیـارە بوبێـت کـە بەرپرسـانی هەردوو یانە دایـان، بەڵام ئەو بڕیارە جێگەی تێبینییە.

ئـەوەی کە هێرشـبکرێتە سـەر کورد، ئـەوەی کـە سـووکایەتی بـە یاریزانانـی یانەکانـی کوردسـتان بکرێت، کە قسـە و وشەی نابەجێ بەرامبەر کورد و پێشمەرگە بەکاربهێنرێت، شـتێکی نوێ نییە و پێشتر کەم ڕوویندەداوە پاسی یانەکانی کوردستان هێرشـیان کرابێتـە سـەر و کـەم نەبـووە ئەوکاتانـەی، ئـەو یانانـە لـە شـارەکانی باشووردا ئەنجامی باشیان بەدەست هێناوە و دواتر بەبەرد پەلاماردراون و بەرپرسـانی یانـەکان، ناچاربـوون بـۆ خۆرزگارکـردن لەدەست پەلاماری نامرۆڤانەی هاندەرانی ئەو یانانە، هانایان بۆ پاسـەوانیەتیی بەرپرسە کوردەکانی عێراق بردووە.

ئێسـتاش کـە هاندەرانـی نەجـەف پەلاماری ناوی پیرۆزی پێشـمەرگە دەدەن، لە هیسـتریایەک زیاتـر بەرامبـەر مەزنیی پێشمەرگە و قوربانیدان و قارەمانیەتییەکانی زیاتـر نییـە، بەڵام ئـەوە هـەر ڕووبەڕووی یانەکانی باشـووری کوردستان نەبووەتەوە و ئەو دۆخە شـڵەقاوە سیاسـی و تایفی و دینییەی لە عێراقدا سەریهەڵداوە، وایکردووە نزیکەی هاندەرانی هەموو یانەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق پەلاماری یەکتری بدەن و جنێو و سووکایەتی بەیەکتری بکەن.

ئەوانـەی سـەردانی باشـووری عێـراق دەکـەن، ئێسـتا چەندین چیرۆکـی جیاواز لەسـەر ناکۆکی نێوان هاندەرانـی یانەکان دەگێڕنەوە. ئاخر لە وڵاتێکدا شیعە پەلاماری سوونە بدات و شاربەدەری بکات و بیخاتە پەراوێزەوە و بیەوێ کوردیش بەهەمان دەرد ببـات، بێگومان هانـدەرە وەرزشـییەکانی ڕەفتاری لەوە باشتر ناکەن.

مـن لەگـەڵ پاشەکشـەی هەولێـر و زاخۆدا نیم، پێشموایە ئەو دوو یانەیە بەو بڕیارە پەردەپۆشـی ئەنجامـە خراپەکانی خۆیان دەکـەن و دواتر ڕووبەڕووی زیانی گەورەتـر دەبنەوە، زیانـی گەورەتر تەنیا ئەوە نییە کە ئەو دوو یانەیە سزا دەدرێن و دادەبەزن. بەڵکـو ئەوەیە کە ئەو تۆزە ئاوەدانییـەی لـە یاریگەکانـی هەولێـر و زاخۆدا ماوە، ئەویـش نامێنێت. هەروەک چـۆن پاشەکشـەی سـلێمانی و دهـۆک تروسـکەی هیوای لە یاریگەکانی ئەو دوو شارەدا کوژاندەوە، دوو شارەکەی دیکەش بەهەمان چارەنووس دەگەیەنێت.

لەوانەیـە هەندێـک گلەییم لـێ بکەن و بڵێـن ئەو دەنگـی لە تێرییـەوە دێت و بەرگەگرتنـی ئـەو سـووکایەتییانەی لـە یاریگەکانـی باشـووردا بە کـورد دەکرێت و سـووکایەتی بەناوی پیرۆزی پێشمەرگە هـەروا ئاسـان نییـە. ئەوەیـان ڕاسـتە و دەزانم کاتێک بیر لە گەورەیی پێشـمەرگە و قوربانیدانی دەکەیتەوە بەرامبەر یەکێک لە دواکەوتووتریـن و دڕندەترین هێزەکانی نێـو مێـژووی مرۆڤایەتـی، ناتوانـی ڕازی بیت بەوەی چەند کەسـێک سـووکایەتیت پێ بکـەن، بەڵام دەکرێ ئێمـە بە مانەوە وەڵامی ئەوان بدەینەوە. چونکە هاندەرانی یانەکانـی باشـووری عێـراق باشـدەزانن هەولێر، زاخۆ و یانە کوردییەکانی دیکەش، ئەگەر دۆخیان باش بێت، هەڕەشـە لەسەر خەونەکانی ئەوان دروسـتدەکەن، هەروەک ئەوەی پێشـتر یانەکانـی هەولێر و دهۆک کردیـان و لە ناوجەرگـەی بەغدادا نازناوی خولی عێراقیان بەدەسهێنا.

مـن بە پلـەی یەکەم خەمـی داهاتووی وەرزشـی ئـەم وڵاتەمـە، ئەگـەر هەولێر و زاخۆ پاشەکشـە بکەن، تـەواوی بێئومێدی لـە وەرزشـدا بەرۆکی ئەم وڵاتـە دەگرێت، ئێسـتا ئەوەی ترووسـکەیەک لـە هیوا بە ئێمە دەبەخشـێت و کەمێـک گەنجانی ئەو دوو شارەی بەتایبەتی سەرقاڵکردووە، جگە لە خولی کوردستان، بەردەوامیی ئەوانە لە خولی عێراقدا، دەنا ئەو بێهیواییەی بەرۆکی یانەکانـی سـلێمانی و دهۆکـی گرتـووەو یاریگەکانیانـی بێ خزمـەت و بێ هاندەر و بێجووڵە کردووە، فرەنسۆ هەریری و زاخۆی نێودەوڵەتیش دەگرێتەوە.

### لە کاتێکدا کە یاریزانێک بە 100 ملیۆن یۆرۆ دەکڕێت..

# خەڵاتی باشترین یاریزان تەنیا 18 یۆرۆیە



**ڕووداوی وەرزشی ـ DAILY MAIL**

ڕاسـتەوخۆ دوای ئـەوەی ئەنتۆنیـۆ ڤالنسـیا وێنەیەکی خۆی لەسـەر تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرام بڵاوکردەوە، کە ئاهەنگی بەدەستهێنانی خەڵاتی باشترین یاریزانی مانچێستەر یونایتد، لە مانگی تشرینی دووەمی ڕابردوو دەگێڕێت. کارگێڕی یونایتـد ڕووبەڕووی گاڵتەپێکردنێکی فراوانـی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئینگلیزی و جەماوەری یانەکە بووەوە.

ئەو گاڵتەپێکردنەی ئینگلیزەکان بە شـەیتانە سـوورەکان بەهۆی بەهای ئەو خەڵاتە ڕەمزییەیە، کە یانەی ناوبراو مانگانە بە باشترین یاریزانی خۆی دەدات.

ڕۆژنامـەی دەیلـی مەیلی بەریتانی، لـەو بارەوە ئاشـکرایکرد «ئەو خەڵاتەی ڤالنسیا بەدەستیهێناوە، بەهاکەی لە بازاڕەکان ناگاتە سەرووی 18 یۆرۆ، ئەوەش وا دەکات خەڵاتێکـی بـێ بەهـا بێت و بەخراپە بەسـەر تیپێکی گـەورەی وەک مانچێستەر یونایتد بشکێتەوە».

هاندەرانـی یانەکەش لەلایەن خۆیانەوە، ڕەخنەکانیان هەر بەو ئاراسـتەیە بـوو، کە پێیانوایـە ئەو خەڵاتە کاریگەری بەسـەر ناوبانگـی یانەکەیانەوە دەبێـت، کە یەکێکە لە بەناوبانگترین یانەکان لەسـەر ئاسـتی ئەورووپا و تەنانەت هەموو جیهانیش.

هاندەرانی ئەو یانەیە سەرسوڕمانی خۆیان لەوە نیشاندا کە لە کاتێکدا یانەکەیـان یەکێکـە لـە دەوڵەمەندتریـن یانەکانی ئەورووپاو لـە بازاڕی گواسـتنەوەی هاوینەدا بەهێزیی خۆی دووپاتکردەوە، بەڵگەش ئەوەیە توانی زیاتر لە 100 ملیۆن یۆرۆ تەنیا لە دەستەوارەی یاریزانی فەرەنسی پۆل پۆگبا خەرج بکات، کەچی تەنیا 18 یۆرۆ بۆ باشترین یاریزانی مانگ تەرخان دەکات.

پێشبڕکێ



**بە کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە**

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی

**0750 833 3555**



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

**دیار فاتیح لە سلێمانی**

بە لێدوانی:

**(هەستەوە خۆمان نادەین بەدەستەوە)**

---

ڕووداو وەرزشی
ژمارە ( 429 )
سێشەممە 2016/12/20

## پەنجاو چوارەمین پێشبڕکێ

LOTTO 1

شـەش کۆبۆنی یەک بـەدوای یەک، واتا هی شـەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (ڕووداوی وەرزشـی)ت لێکڕیـوە، بـەو جـۆرە لەتیروپشـکی بردنەوەی لۆتۆی ڕووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان:

1 ـ ئامێری ڕۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیوتەری دیسکتۆپ
5 ـ ئامێرەکی تەلەفونی مۆبایل

ناو : ..............................

مۆبایل : ..............................

(ڕووداوی وەرزشی) بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە




RÛDAW
(ڕووداوی وەرزشی) ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات
www.rudaw.net
لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە
سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ ژیرۆ عەبدولڕەحمان

هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە
ڕووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە